و خەیاڵ و داهێنانی بینا و بینایی من، گەنجینەو هەزی ڕەح و پەوانەی شیاو و سەرچاوەی دڕوشاوە و سەزی شاراوە بوونە. هەمیشەش لە ئەزموونی خامدا ویستی یەکەم و بە پەوانەم ئەوە بووە، (ئەدەبێکی فرەنیگا)ی خەکردی حەاڵزادەی خەم بەرهەم بهێنم. چیشم زانیوە، ئەوەم نووسیوە. جەوهەری پێکهاتەی مرۆڤیش ئەوەیە چی دەزانێ ئەوە بنووسێت. دەنا چاکتر وایە دەفتەری نووسینت داخەی، چونکە نووسین یەکجار (نەمر) دەبێت، واتە: ئەو نووسینە نەمرە، کە تە هەست و زانینی دوای خوێندنەوەی ئەوت نووسیوە، ئەو، واتە: سەرچاوەی یەکەم. نووسینی هەست و زانینی دوای خوێندنەوە، نووسینێکی بەهێز و بەدەسەاتە و شکەمەند نییە. ناتوانی خەتت تەدا بێتە بەرچاو، هەروەها زەر زەحمەتە لە وەاتێکی شەڕاوی وەك کوردستان، شاعیر بیت و نەکەویتە ناو گەڕانی سیاسەتەوە، کە سیاسەت لە هەر چوار لاتەوە بە ساتمە و خلیسکان گەمارۆی داویت، ئەگەر بیشکەنیت نانی ئەو مەودا کورتەی نەوان دەست و دەمت هادەپچەکنن. من خەم لادا لەو خەشگوزەرانییە. لەخەباتێکی هاستگەیانە لەپێناو بەدیهێنانی (شیعری بەگەرد) مامەوە و ژیام. بەباکیش بووم لە ئاست تەەە و داو و بەستە و بوختانی نامەردان. وەك نوختەیەکی نادیار لە ئاسۆ و دووری شیعردا دەرکەوتم.

تشرینی یەکەمی 2015 هەولێر

شیعر زمانی مرۆڤ و گەردوونە … ناەە حەسەن

خوێندنەوەیەک بە دەقی (وەرە بیەکەوە بژین) ی کەژاڵ ئەحمەد

ماوەیەک لەمەوبەر لە نامەیەکدا ، خوێندنەوەیەکمان بە چەند دەستەواژەیەکی دەقەکی شیعری (سەباح هەنجەر) ی شاعیر کرد هاوکاتیش ، باسم لە مانیفێستەکی خەم کردبوو ، کە پێکهاتووە لە سەبەش ، لەوەدا دووبەشی مانیفێستەکەمان باسکردبوو ئەوانیش لەژێر ناوی (شیعر فەرمەکی بەدەنگ نییە..!) و (شیعر عەشقەکی گەورەیە ..!) ، هەروەها هەهەندەکانی پشت ئەو گوتنانە و لەچوارچێوەی

خوێندنەوە بە هێندێک لە چەمک و هێما و کۆدەکانی نێو دەقەکە باسکردبوو . وا لەرشدا بەشی سێیەمی مانیفێستەکە لەژێرناوی (شیعر زمانی مرۆڤ و گەردوونە) باسدەکەین و (بەرێککەوتن و هاوتەریبوونی) ناوەڕۆک و ئامانجەکانی ئەوبەشەش لە سیاقی خوێندنەوەمان بە ئەو دەقە بەدەردەخەین ، هەروەها دەیکەین بە (میتەدێک) بۆ خوێندنەوەی دەقی (وەرە بێیکەوە بژین) ، کە یەکێک لە شیعرەکانی(کۆژاڵ ئەحمەد) ی شاعیرە ، هەوڵدەدەین هێندەی بەمان بکرێت لە دەرگای چەند بابەتێکی پێویست و گرنگ بدەین . لە سەرەتاوە شیعرەکە چ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە یان لە ڕووی زمانەوانی و فەرمەوە ، تا ئاستێکی بەرز جوانی بەرجەستەکردووە ، بە زمانێکی شیرین و پێ هەست و سۆز ، دەقەکە نووسراوە ، وشە و میلەدیەکانی ئەم دەقە ، گەمە لەگەڵ دەمارە عاتیفییەکانی خوێنەر دەکەن و چژێکی بەوێنەی پێ دەبەخشن ، هەروەها لەم دەقەدا بە توانایەک و هەست و خەیاڵی شاعیرانەوە عەشقێکی گەورە نمایشکراوە ، یان باشترە بڵێم / چیڕۆکی عەشقێکی گەورە دەگێڕێتەوە ، وەک ئەو چیڕۆکانەی لەنێو کتێبی ئەفسانەکانەوە باسدەکرێن . لە پشتی ئەو خەیاڵە مانسیانەوە لە دەرگای کۆمەڵێک بابەت و مەسائیلی گرینگ دەدات کە / پێوەندییان بە ژیان و چارەنووسی مرۆڤەکان و هاوکات پێوەندییان بە شیعر و مەعریفەی شیعرییەوە هەیە ، لە سەرەتاوە شیعرەکە بەمشێوەیە دەست پێدەکات .

سبەینێ واز
لەماڵەباجێنەی تەنیایی ئەهێنم
تەش واز لە دارلاستیکی سەرکەشی بهێنە

لەم کۆپلەیە / هەست بە سەرەتای نەخشە و پلانێک دەکرێ ، وەک خۆئامادەکردنێک یان وەک سەرەتایەک بۆ چوونە نێو ئەو دنیایەکی جیاوازەوە / ئەویش دنیای عەشقێکی نوێیە ، لەسەرەتاوە بە بەیارێک دەست پێدەکات ، شاعیر لەنێو شیعرەکەیدا / دەگاتە ئەو باوەڕەی کە هەر لە سبەینەوە واز لە (ماڵباجێنەی تەنیایی) بهێنێ و دەخوازێ دەدارەکەشی واز لە (دارلاستیکی سەرکەشی) بهێنێ . وادیارە (ئەو) واتە دەدارەکەی هەشتا نەگەیشتۆتە ئەو بەیارە و بەتەواوی یەکلانەبۆتەوە ، بۆیە لە سەرکەشییەکانی بەردەوامە ، بەڵام ئەگەر ، لەڕووی زمانەوە سێیری ئەم دەستەواژە و ڕستە شیعرییانە بکەین ، دەبینی پێوەندییەکی بەهێز و ناوازەی لەنێوان وشەکانی (دارلاستیک و سەرکەشی) یان (ماڵباجێنە و تەنیایی) دروستکردووە ، هونەرکارییەکی شاعیرانەی تیاکردووە ، هەردوو وشەکەی لەمانا بنەڕەتییەکە دامالیوە بۆتایبەت (دارلاستیک و سەرکەشی) ، لە پێوەندییەکی نوێدا مانایتری پێبەخشیون ، وشەی (دارلاستیک) ،

پەیوەندی بە تەمەنی منداڵییەوە هەیە ، زۆتر منداڵ دارلاستیک بەکار دەهێنن بۆتایبەت کوڕان وکچێن (ماڵباجێنەش) یاری کچانەیە ، سەرەمانێک دیارە مەبەستمان لایەنی کەم بیست ساڵێک لەمووبارە ، کە ئۆوکات / ئۆتاری و پلەیستەیشن و کەمپیتەر و ئینتەرنێت نەبووون ، منداڵ دوای قوتابخانە زۆربەی کاتەکانی لە کۆڵان و لەگەڵ منداڵانیتر بەسەردەبرد ، دارلاستێک بە شێوەی نەوان کەڵانەکان و گەڕەکەکان بەکاردەهات و یان بۆردگرتنە چۆڵەکە و باخندەکان ، واتە دارلاستیک لایەنکی (نیگەتیف)یشی هەبوو ، هاوکات سەرکەشیش دیوەکی نیگەتیڤی هەیە ، بەڵام / لەڕەدا دارلاستیک هەمایە بە منداڵی ، واتە وشەیەکە بۆرائەتەکی جوانی پێبەخشیوە ، سەرکەشیش دیوە نیگەتیڤەکەی لە داماڵیوە ، چونکە ئەم دوو وشەیە لەپەیوەندییە نوێیەکەیان دەتوانین وا خوێندنەوەی بۆ بکەین (سەرکەشیێکی منداڵانە) ، واتە دەخوازێ / دەدارەکەی واز لە کەشیە منداڵانییەکەی بهێنێ ، هەروەکچێن خۆی واز لە ماڵباجێنەی تەنیایی دەهێنێت …! پێشتریش لەسەر ئەم بابەتە قسەمان کردووە و گتومانە / لە نەو زمانی شیعری داماڵینی وشە و چەمک و هەماکان لە مانا پشوختەکان و مانا فەرهەنگییەکان ، ئەوە پێسەیەکی داهێنرانەیە ، هەروەها د. محەمەد کەمال لە کتێبی (فەلسەفەی بوون) ، لە ڕووی بوونگرایییەوە باس لەم پێسەیە دەکات و ئەو بە (هەڵوەشاندنەوە و دامەزراندن) ناوی دێبات و دێڕت (پەیوەندی نەوان ئەم دوو خستەتە گرنگ و ناتوانین لە یەکدییان جیا بکەینەوە ، (هەڵوەشاندنەوە) بەبێ مەبەستی دامەزراندن و لە پناو هەڵوەشاندنەوە دەبێتە (وێرانکردن) بەڵام ، بە ئەمەش هەڵوەشاندنەوە لە وێرانکردنەوە جیاوازە ، چونکە دەماناوێت لە هەگبەی هەڵوەشاندنەوە بیرکەی نوێ دابمەزرێنین و بە ئاکامکی دیکە بگەین …!) ، هەروەها هەر لە پەیوەند بەم بابەتە ئاوەش دەڵێت کە / ئەگەر هەڵوەشاندنەوە دامەزراندنی بەدوادابێت ، ئەوا هەڵوەشاندنەوەکە دەبێتە (پڕۆژە) ، واتە پڕۆژەیەک ووە لە داهاتوو …! هەروەکو ئاوەی لەو پەیوەندییەی نەوان وشەکانی (دارلاستیک و سەرکەشی) ، هەڵوەشاندنەوەمان بینی ، وشەکان لە مانا پشوختی و مانا فەرهەنگییەکانییان دامەڕابوون ، لە پەیوەدییەکی نوێ بنیادنرابوونەوە ، واتە دامەزرابوونەوە ، ئەم هونەرکارییە لە زمان تا ئاستەکی باش قووڵی و جوانکاری بە دەستەواژە و ناوەڕۆکەکە بەخشیوە . کۆژاڵ ئەحمەد لە بەشکیتری شیعرەکەیدا دەڵێت /

من ڕۆگەی هەموو ڕۆژێک و
ئەدرەسی ژیانم ئەگۆڕم
بەکەدەکی زەر نهێنی

که دەتە
تا هیچ کەس نەتوانێ بمدزێتەوە
کلیلی دڵم ئەشکێنم.
شاعیر لە پەناو بەدیهاتنی خوێنکی گەورە و گەیشتن بەدواڕۆژکی پڕ لەخۆشویستی لەگەڵ کەسێک کە ، سوارچاکی نەو خۆن و خیاڵکانییەتی ، ئامادەی هەموو بەیارێک و هەموو گیانکە لە ژیان و لە خێدا بێیە ، لە سەرتاوە بەیاردەدا واز لەماڵباجێنەی تەنیایی بهێنێت ، ئەمیش واز لە دارلاستیکی سەرکێشیی بهێنێت ، ئەستا / بەیاریتر دەدات کە ، ڕۆگاکانی هەموو ڕۆژە و ئەدرەسی ژیانی بگۆڕێت ، خەی ون بکات و لەچاوی ئاوەدانی خەی بشارێتەوە ، تەنها بە کەدەک بدزرێتەوە ئەویش دەی دەدارکەیەتی ، واتە وەک ئەشقیایەکی شێدا ، لەو زێتر کەسکیتر ناتوانێ بیدزێتەوە . لە دیمەنکیتری شیعرەکێدا دەڵێت ،
وەرە بەیەکەوە بژین...
لەناو ئینجانەیەکی زەر بچکۆلەدا
کە عاشقکی خوێنشیرین
لە حەوشەی خوێندنگەیەکی تەکەڵاوا
دایبنێت و
مامۆستایەک بەتاسەوە بێنی بکا.
بەپێی ئەم دیمەنە شیعرییە ، عەشقکیان گەیشتە ئاستک ، کە مانەویان لەدووری یەک و لە نەو کونجکانی تەنیاییدا ، سووتان و ئازارکی گەورێیە ، ئازارکی هێندە کاریگەر و بەسێیە کە بڕگەگرتنی کارکی سانا نییە ، بێیە دەبەر بە دەدارکی دەڵێت / وەرە بێیکەوە بژین ، بەڵام شاعیر ئەم داوایە لە نەو وێنێیکی شیعری زەر نایاب و ناسکۆڵە دەردەبڕی و دەڵێت ، وەرە بێیکەوە بژین / لەناو ئینجانێیکی زەر بچکۆلەدا ، ئەم دوو عاشقە هێندە تامەزرۆی یەکتری و گەیشتن بێیکن ، هەرشوێنک بێت ، تەنانەت / نەو ئینجانێیکی بچکۆلەنەش بێت قبوڵیانە ، دەبن بە دوو گوڵی بەنخەش و دەچنە نەوێوە ، دەخوازن عاشقکی خوێنشیرین لە حەوشەی (خوێندنگەیکی تەکەڵاوا) دایانبنێت و لەوەدا مامۆستایەک یان قوتابییەک بەتاسەوە بێنیان بکات . دیمەنکی تابڵی ڕۆمانسی و پڕ لە هەستی شاعیرانەو بە زمانکی شیرینی شیعری ، بەکارهێنانی (خوێندنگەیکی تەکەڵاو) زەر لەشوێنخەیەتی و مەودای بیرکردنەوە و ناوەڕۆکی وێنە شیعرییەکەی قووڵتر کردووە ، کە لە بەشکانیتری ئەم دەقە هەڵوەستەی زێتری لەسەر دەکێین . شاعیر بە هەمان وزە و خیاڵە دزێخییکانی لەنەو دەقکەی بەردەوام دەبە و دەڵێت
من و تە بەیەکەوە بین

هۆی تەلەفۆنەکانی شار
بیست و چوار سەعات سەرقاڵی گۆڵگرتن لە ئەوین نابن
من و تۆ بەیەکەوە بین
ئیتر کارەبا نابڕێت و
هەموو ڕۆژێ ئاو دێتەوە
Googleیش رزگاری ئەبێ لەگەڵ انمان بەدوای یەکدا و
کچان بێ تۆ و
کوڕان بێ من ناتوانەوە
خۆی لێ بنووسێتدا شاعیر باسی عەشقێکی گەورەمان بێ دەکات ، ئەو عەشقەی دەتوانن مێوداکان ببڕن و لانەو زەمەندا بمێننەوە ، ئەو عەشقەی نەک هەر شایستەی بوونی شەوێ ژیان و یان خووڵ هەمیشەیەکانی بێ بگرێی بەڵکو ، شایستەی بێ هەموو قوربانیدانێکیش . لانیو کورێی خەیاڵکانی دوور دوواوات ، تەنانەت بێ ئەودیو سنوورەکانی خەیاڵ ، وایدەبینێ / بەیەکگەیشتنی ئەوان و بەیەکەوە ژیانی ئەوان وەک (موعجیزەیەکی گەورە) ، یان دەبێتە کلیلێکی سیحری گرێکوێرەی هەموو کێشەکان دەکاتەوە و چارەسەریان دەکات …! ژیان دەگاتە ئۆپڕەی کۆتایی ئارامی ..! بەڵێنێ لانەو ڕووبەری خەیاڵ چ فانتازیایەکی خوڵقاندووە ..! یان دەبێت (من و تۆ بەیەکەوە بین / هۆی تەلەفۆنەکانی شار ، بیست و چوار سەعات سەرقاڵی گۆڵگرتن لێ ئەوین نابن ..!) بەمانای هەموو هۆی تەلەفۆنەکانی شار و هەموو خەڵکی ئەم شارێ بەعەشقی ئەوانەوە سەرقاڵن ..! تەنها باسی ئەوانە و هیچیتر ، گەر ئەوان بەیەکبگەن و بەیەکەوە بژین / ئیتر چیتر تەلەفۆنەکان سەرقاڵ نابن بە گۆڵگرتن لە چیەکی ئەم دوو ئەویندارەوە . یان دەبێت / (من و تۆ بەیەکەوە بین ، ئیتر کارەبا نابڕێت و هەموو ڕۆژێ ئاو دێتەوە …!) ، بەیەک دەرێ شیعر باسی (دوو) گەورەترین کێشەی خەڵکی کردووە (کێشەی ئاو و کارەبا ..!) بەدیوێک (گەورەیی و ئەفسونی عەشقەکەمان پێشان دەدات ، کە بەیەکەوەبوونی ئەوان ئیتر کارەبا نابڕێت و ئاویش دێتەوە ..!) ، بە دیوێکیتر پەمان دەبێت (کە ئەمێ لە نیشتیمانێک دا دەژین خەڵکەکەی (کێشەی ئاو و کارەبایان هەیە ..!) بەیەکەوەبوونی ئەوان ئەم کێشانە چارەسەر دەبن ..! بەبوای من ناوەڕۆکی ئەم جۆرە دەقانە بە ئەندازەی ئەو عەشقە ئەفسوناویەی باسمانکردووە گەورەن ، یان دەبێ (گوگلیش ڕزگاری دەبێ لە گەڵانمان بەدوای یەکدا و کچان بێتە و کوڕان بێ من ناتوانەوە ..!) ، لەرێش شاعیرانە ئەو تامەزرۆیی و چێپاندنە کوشندەیەی (کوڕان و کچانی) کەمەگەکەمان باسدەکات ، کەژاڵ لەرەدا توانا شیعری خۆی لە ئاستێکی بڵند دەرخستووە ، لە دوو وێنەی جوانی (هونەری و

شیعری) باسی لە چەندین کێشەی گەورە و بابەتی زۆر گرنگ کردووە وەک ،(قوتابخانەی تەکنیکاو ، هەڵی تەلەفزیۆن ، کێشەی ئاو و کارەبا ، سایتی گوگل ، باری دەروونی کوردان و کچان..!) بە زمانێکی شیعری پڕ چێژ و سەرنجڕاکێش ..! شاعیر بەهەمان کێپە هەماسیەکانی نێو دەمارەکانی عاتیفە و خەیاڵە تامەزرۆ و ئیرەسیەکانی دەڵێت ،

هەر ئێستا وەرە مارەمکە
بە پێشەکی خەندەیەک و
بە پاشەکی نیگایەکت قایل ئەبم
تۆ (بمهێنە) بە ناو قسەیەکی خۆش و
منیش بە ناو شیعرێکی کچانە (ئەتهێنم !)
هەر ئەمڕۆ مارەمکە
بە پێشەکی چەپکە گوڵ و
بە پاشەکی ماچێکی دەستانە
یان بەسە جار وتنی وشەی (گیانەکەم)
تەماقمدە و تەماقتەدەم !

شاعیر دەیەوێت کەنەدات / عەشقەکەی بە ئاکام بگات و دەستبەرداری ئاو خوێنە گەورەیە نەبێت ، دەیەوێت ئاکامێکی هەبێت ، بۆیە لەسەرتا داوا دەکات و بانگی دەکات ، یان پێی دەڵێت (وەرە بۆیەکوە بژین) ، بەڵام ، هێندە نیگەران و دەبەسیە دەیەوێت هەسمیەتێک بۆ بۆیەکوەبوونە بدات و بپەچوانەی زۆرێک لە کچانی نیشتیمانەکەی هەمیشە خەی دەستپێشخەر دەبە ، بۆیە بە یار دەدێت و دەڵێت (هەر ئێستا وەرە مارەمکە ..!) ، بە (دیوەکەدا ..!) بشکۆیەکی زەرجوان و بە بیرکردنەوەیەکی هاوچەرخانە ئاو داوایەی خەی بە مارەکردنەکە دەخاتەوو و دەڵێت (بە پێشکی خەندەیەک و بە پاشکی نیگایەکت قایل دەبم ..!) ، یان دیسان گەرمتر و بەتاستر پەدادگرێ و دەڵێت (هەر ئەمڕۆ مارەمکە / بە پێشکی چەپکە گوڵ و بە پاشکی ماچێکی دەستانە ..!) ، بە (جیابوونەوەش وشەی (گیانەکەم) بەسەو زۆتر هیچیترنا ..!) ، وەک شاعیرێکی هێستناسک ، بەزمانێکی شیرین و بەسۆز ، باس لەم بابەتە کەمەایەتییە گرنگانە دەکات / بابەتکانی وەک (هاوسەرگیری و مارەیی و جیابوونەوە) لەرەدا ئاوەش دەبینین کە عەشق چ بەهایەکی گەورەی هەیە ، ماڵی دنیا و (هیچ شتێک) لەسەرووی بەهاکانی عەشقەوە نابینێت ، بۆیە (بە بۆیەکوەبوون و مارەیی / تەنها چەپکە گوڵ و ماچێکی دەستانە و دەخوازێت ..!) ، بەودیوە داهێنانێکی گەورەی کردووە ، چ لەووی زمانی شیعری و چ لەووی بیرکردنەوە و ناوەڕۆک و بیرکردنەوە هاوچەرخکانی ، بەڵام بە دیوەکی تر / بە بەکاوێژیان (فەرمی مارەیی و ئیمزاکردنی پارچە کاغەزێک لەبەردەم دادوەر) تاقە فەرم

و تاقە ڕەگ نییە ، کۆڵاڵ ئەحمەد فەرمی دووەمی بە (بەیەکەوەبوون) (نادیدە) گرتووە ، فەرمی دووەمیش / بریتییە لە بەیەکەوەبوون و بەیەکەوەژیان بەبێ ئیمزاکردنی هیچ پارچەکاغەزێک و ئاگریمەنت و بەڵگەنامەیەک یان بەبێ چوونە دادگا و هیچ شوێنێک ، تەنها بوونی عەشق و خۆشەویستییەک و ڕازامەندی هەردووکیان ، ئەوەندە بەس بێ بەیەکەوەبوونیان ئیتر هیچ شتێکیترنا ..! لە وڵاتە پێشکەوتووەکان ئەم فەرمە بێ بەیەکەوەژیان وەک فەرمەکییتر لە ئاستێکی بەرین پیادەدەکرێت ، وەک خەزانێک چاویان لەدەکرێت و منداڵیش دروست دەکەن و لەووی یاساییەوە هەموو مافێکی خەزانی و یاساییان هەیە ، بەمانای تەنها (کچبرادەر و کوبرادەر)ن واتە (گەرل فرێند و بۆیفرێند) ، هەرکاتێکیش بەیەکەوە نەگونجێن جیادەبنەوە ، دیارە لە هەردوو باردا ، ئەو پارچە کاغەزە ئیمزا بکرێت یان نا ، کاتێک خۆشەویستی نەما ئیتر تەواو ، ئەو پەیوەندییە کۆتایی دێت ، جا بەیەکەوە بمێنن یان جیابنەوە ..! کۆڵاڵ وەک شاعیرێکی (دژباو) ، کە سەردەمانێک بەو ئاراستە کاریکردووە ، دەبوا فەرمی دووەمی نادیدە نەگرتبا ، یان ئەوەتا هەرباسی مارێیی نەکردبا ، بە نموونە (هەر پێی لەسەر ئەوە داگرتبا (وەرە با بەیەکەوە بژین ..!) ، یان دەیتوانی بەشێوەیەک باسی کردبا کە بوارێک بە فەرمی دووەم بهێڵێتەوە ، یان لایەنیکەم ناڕاستەخۆ دەریبەیبا بە نموونە بیگوتبا (وەرە بەیەکەوە بژین (گەر مارم بکەی یان نا) ، من خەم و دەسکە گوڵێک هەر لە چاوەڕوانیت دا دەبم ..!) ، لەرەدا باس لە هەردوو فەرمەکە دەکرێت ، وەک کەسکی هاوچەرخ و دژباو هەردوو فەرمەکەی قەبوە دەکرد ، چونکە لای ئەو عەشق و بەیەکەوەبوونەکەیان لەسەرووی هەموو شتەکوێیە ، چونکە کۆڵاڵ ئەحمەد لە سەرەتاوە ، بە دوای کتێبەکانی (بۆندەری بەرەدا و وتەکانی وتن)ەوە ، بە ئاراستەی دژباوی کاریکردووە ، بە دەرجاتێک لەم کتێبانەش بەتام بەتایبەتتر لە کتێبەکانی (قاوەیەک لەگەڵ ئەودا) یان (ئاوێنەم شکاند) ، لەوەدا (کۆڵاڵەکی جیاواز) دەبینین بەتایبەتیش / لە کتێبی چوارەمی (ئاوێنەم شکاند) ئەم دژباوییە و هاوچەرخییە بە ڕەشنی ڕەنگدەداتەوە ، خەشی لە زەرەک لە شیعرەکانی بەم دیدەوە نووسیوێتی بە نموونە ، شیعرەکانی (ئاوێنەم شکاند ، کۆڵاڵەکی جودا ، سەدسال غەریبیت دەکەم ، نازانم بەبێ تۆ بژیم ، بە تەنووریەکی کورتی سوورەوە و زەرەک لە شیعرەکانی ئەو سەردەمانەی ..!) ، چونکە بەبەوای من / مرۆڤ دەبێ ئاستگەلێک بێت لەگەڵ ناخ و بیروباوەڕەکانی خەیدا ، ئەوەتا / (ئەلبەر کامە ، لە (ئەفسانەی سیزیف) ، ڕەخنە لە (گالیلە) دەگرێ و دەڕێت (بە ئاسانی دەستبەرداری ئەو ئاستییە زانستییە بووە وەختێ بووە مایەی هەڕەشە

لەسەر ژیانی ، .. گەرچی یەکێک بووە لە گرنگترین ئاستییە زانستییەکان ..!) ، یان هەر لەوکتێبدا لەبارەی (شوبنهاوەر)ەوە دەڵێت (وەک بابەتکی پێکەنین باسی شوبنهاوەر دەکرێ کە چۆن خەی لەسەر سفرەیکی ئازاوە دانیشتووە و کەچی ستایشی خەکوشتن دەکات …!) ، بە تەخنەگرتن لەم بیرمەندانەش پشتی بە وتەیکی (نیچە) بەستووە کە دەڵێت ، (فەیلەسووف بە ئەوەی شایانی ڕێزگرتن بێت پێویستە خەی نموونەی ئەو شتانە بێت کە دەیانەێت ..!) ئەو قسەیەی (نیچە) بە هەرکەسێک و شاعیرێک و نووسەرێکیش هەر ئاستە ، بەیە ئەو چاوەڕوانییەمان لەو شاعیرە ئازیزمان ئەوەیە کە ، بەو ئاراستە دژباویەی خەی سەرلەنوە دەستپێبکاتەوە و (ڕەحی فەوغ و ڕوئیاکانی کۆژاڵەکی جودا) لەنەو بیرکردنەوەکانی ئێستای زیندوو و چاڵاک بکاتەوە…!
شاعیر لەنەو دەقەکەی / بەهەمان هێست و سۆز و زمانێکی شیعری پێ لە خرۆشان و چۆژ بەردەوام دەبێت و دەڵێت ،
سبەینێ واز
لەخووی خراپی زەر نووستن ئەهێنم
مەڵەت لە شیعر و خەک و خوا وەرئەگرم و
لەناو کلێرەدارێکی پووڕەی هەنگا
مانگی هەنگوینی لەگەڵ تۆ بەسەرئەبەم
فێری وتنی شیرین و
خستنەوەی وەچەی شیرین و
ئاشتییەکی شیرین ئەبم
کۆژان ئەحمەد لەو دەقەیدا ، وەک ئەوە وایە چیڕۆکی عەشقەکمان بۆ بگێڕێتەوە ، لەسەرەتا عەشق دواتر (بەیەکەوە ژیان) ، دواتر مارەیی و هاوسەرگیری ..!) ، لەم کۆپلە شیعرەی سەرەوەش ، لە سەرەتا باس لەگەینی هەندێک خووی خراپ دەکات ، بەمانایەک خەی ئامادە دەکات بۆ ئاهەنگی گواستنەوە و ڕێشتن بۆ مانگی هەنگوینی ، بەڵام بۆ مانگی هەنگوێنییەکە (شوێنێکی جودا لە وڵێنەیکی بۆئەندازەی جوانی شیعریدا) باسدەکات و دەڵێ (مەڵەت لە شیعر و خەک و خوا وەرئەگرم و / لەناو کلێرەدارێکی پووڕەی هەنگا / مانگی هەنگوینی لەگەڵ تۆ بەسەر ئەبەم …!) دیارە شاعیر بەم دیدەوە دەڵوانێ کە (ژیان و عەشق و مرۆڤ) بەهای گەورە و پیرۆزییان هەیە ، بۆیە دەبینین لە مارەیکەش داواکەی تەنها (چۆپکە گوڵ و ماچێکی دەستانە) بوو ، بۆ مانگی هەنگوینییەکەش ، داوای هوتێلێکی گەورەی (پاریس و نیۆرک) ناکات ، هەرکۆیەک بێت تەنانەت (ناو کلێرەدارێکی پووڕەی هەنگیش بێت …! ، بەڵاستی خیاڵێکی ناسک و جوان و شاعیرانەیە ، جوانکارییەکی بۆنەی بۆ کلێرەدارەی پووڕەی

هەنگ بەخشیوە ، لەو وەنە شیعرییە جوانی وەقسە هاتووە ، لەردا چۆکی گەورە بە خوەنەر دەبەخشە ، لەسەر چیەکەکەی بەردوام دەبەت و دوای مانگی هەنگوینیش (باسی وەچەنانەوە و بەیەکەوە ژیانەکی ئارام دەکات ..!) ، ئیتر هەوەدەدا لەم کونجی ئارامایییە لەگەڵ ئەودا تابەی بکرەت بە درەژماوە بمەنەتەوە ، بەیە هەوەدەدات زەتر کار لەسەر خەی بکات و ئەوشتانەی یان ، (واز لە خووە خراپەکانی بهەنەت) و وەک دەەت (هەر ئەمە واز / لەم تووتەکی تووەبوونانەم ئەهەنم / که لەدەکی پەستبوونی تە ئەچە بە لەمەودوا / گوە ئەگریت و گوە ئەگرم…!) ئیتر لەرەوە بەرەو کەتایی چیەکەکە دەەوات و بەەام دواجار وەنەی گومانەکی گەورەمان بە دەکیشی و دەەت ،

ئەگەر دەت هەندەی دەم گەورەنییە

بە وازم لەبهەنە با هەروەکو جاران بژیم

بەمانایەک / لەوە دەنیا نییە کە دەی (ئەویش) جەگای ئەو عەشقە گەورەیەی تیادەبەتەوە ، یان دەتوانە قەبووەی ئەو کرانەوە و هاوچەرخییەی بیرکردنەوەکانی ئەو بکات ..! لەەاستیدا لەوە دەنیا نییە و نازانە ، بەیە بە (ئەگەرەوە) قسە دەکات …! ، مرەقی هاوچەرخ و مەدەرن هەرگیز بە باوەەی موتلەقی ەەها لە شتەکان و بابەتەکان ناەوانن ، ئەگەر بە ئاستەکی کەمیش بەت بوارەک بە گومانەکان دەهەنەوە ، لەردا کەژاە ئەحمەدیش هەروای کردووە .

لەم دەقەدا / زمانی شیعری لەسەرەتاوە تا کەتایی شەونمی چیژ دەردەکات و تەو پاراوە ، فەرم و ناوەەکیش / لەنەو رووبەی جوانیدا تەریبن بەیەکەوە .. لەردا بە پەویستی دەزانم هەندەک قسە لەسەر چەمکی جوانی بکەین ، ئەو (چەمکانە)ش کە پەیوەندییان بە جوانییەوە هەیە و ماناکانی جوانی تەختر دەکەنەوە و مەوداکانی جوانیش بەرینتر دەکەن ، هەندەک نموونە و لایەنی جوانکاری ئەم دەقەش بخەینەەوو . هەروەک لە کتەبی (ئیستاتیکا ، Aestheticism) ، کە لە نووسینی (ئار قی جەنسن) ە ، لە بەشی (شیعر و جوانی) دا هاتووە و ، دەەت (کرەکی جوانی لەنیو ئەدەبدا / لە شیعردا بە ەەشنی دەردەکەویت ..!) ، بە مانای شیعر / لە هەموو ژانرەکانیتر زەتر ئیش لەسەر جوانی دەکات ، هەر لەو بەشەدا باس لە شاعیر و نووسەر (ئەدگار ئالان پە) دەکات ، بەتایبەت لە ماەەکردن و روئیاکانی ئەو لەگەڵ هەستی ەاستی و چەمکی ەاستی لەنیو دەق و نووسینەکانیدا ، بە بەوای ئەمەش / چەمکی جوانی پەیوەندییەکی نزیک و بەهەزی هەیە لەگەڵ چەمکی ەاستی یان ەاستی گوتن ، لەنەو گوتارە شیعری و ئەدەبییەکاندا ەاستی گوتن ، ەەنگەکانی جوانی تەخ دەکات و ەووبەری جوانیش بەرینتر پەشان دەدات ، نەک هەر ئەوەندە بەەکو

ڕوایەتیش بە داهێنان دەدات ، چونکە ڕاستی گوتن هەر ئاوڕ نییە ، پەیوەندی بە جوانییەوە هەبێت بەڵکو / پەیوەندی بە ئازادبوونی نووسەرەکەش هەیە ، واتە کاتێک شاعیرێک یان نووسەرێک / لەنیو دەقەکانییان بە زمانی شیعری ڕاستی بەرجەستە دەکەن ، ئەوا ئاو کەس لەنیو ڕووبەری دەقەکەی کەسێکی ئازادە و لەژێر کاریگەری هیچ هێزێکی دەرەکیدا نییە ، چونکە هەروەک چەند جاریتریش گتومانە / ئاوکەسانەی لەژێر کاریگەری هێزە دەرەکییەکانن کەسی ئازاد نین واتە (کەسی نامۆ)ن ، کەسانی نامۆش ناتوانن داهێنان بکەن ، چونکە ئاراستەی جووڵەکانی لەژێر کاریگەری هێزە دەرەکییەکان دایە ، جا ئاگەر لەم دید و ڕوانگەوە قسە لەسەر ئەم دەقە شیعرییەی کۆژان بکەین دەبینین / زەر ڕاشکاوانە و ڕاستگۆیانە خۆیان و بیرکردنەوەکانی خۆی دەربڕیوە ، لەژێر کاریگەری هیچ هێزێکی دەرەکیدا نییە ، ئاوەی ئاراستەی جووڵەکانی دیاری دەکات ، ئاوە (تەنها) هەست و حەز و خەزگە و خەونەکانی خۆیەتی ، بگومان بە توانا و هێزێکی شیعرییەوە ، بەڵێ کەسێکی ئازادە لەنیو ڕووبەری دەقەکەی بەمانایەکیتر / تەعبیری لە بیرکردنەوەکانی خۆی (کۆژان ئەحمەد) کردووە ، بەڵێ لە ئاستێکی بەرز داهێنانی کردووە ، جوانییەکی مەودا فراوانی بەرهەمهێناوە ، بە نموونە دەڵێت / (من و تۆ بەیەکەوەبین ، ئیتر کارەبا نابڕێت و هەموو ڕۆژێ ئاو دێتەوە …!) چەند ڕاستگۆیانە و شاعیرانە و بە زمانی شیعری ، کۆشکی ئاو و کارەبا دەخاتە ڕوو . ئایا ئەم ڕاستگۆییە پانتاییەکی قووڵتر و بەرینایییەکی زۆتری بە ڕووبەری جوانی نەبەخشیوە ..؟ ئەی ئاگەر بیگوتبا (من و تۆ بەیەکەوە بین ، کارەبا " هەمیشە " دڕوشاوەکانی سەرشەقام و نەو ماڵەکان زۆتر دەدڕوشێنەوە و ئاویش وەک " هەمیشە " . لە گەرانی گوتن بەردەوام دەبێ ..!) ، ئاوەی منیش نووسیومە بە دەربڕینێکی شیعری و بە زمانێکی شیعرییە بڵام / هیچ جوانکارییەکی تیا نابینین ، چونکە ڕاستیم تیا نەگوتووە ، چونکە لە نیشتیمانی ئێمە (ئاو و کارەبا) وەک زەرەک لە پەداویستییە سەرەتاییەکانیتر خەڵک بەردەوام و (هەمیشە) لەیانەوە بەهرەمەند نین ..! کۆژان ئەحمەد گەر دەربڕینەکانی خۆی بەمشێوەیەی من گوتبا / هیچ ئازادییەک و ڕاستگۆییەک و هاوکات ئاو ڕووبەڕ بەرینەی جوانیشمان لەنیو دەقەکەیدا نەدەبینی ..! جا لەبەرئەوەدەین / بەڕاو کۆتایی ئەم نووسینەمان بڵێین و بنەڕەتی مەبەستەکانمان بە چەی بخەینەڕوو ، هەروەک پێشتر گتومانە کە زمانی شیعری دەتوانێ یان هێزی ئاوەی هەیە کە / قسە لەسەر هەموو بابەتێک بکات و مرۆڤ گەر توانای شیعری هەبێت دەتوانێ تەعبیر لە هەست و خەونەکانی خۆی بکات ، یان زمانی شیعری دەتوانێ

سووود لە هەر (وشەیەک و چەمکێک) بەبینە و شاعیرانە لە پەیوەندییەکی نوێ بەکاریان بهێنێ / بووونی ئەم هەزە ڕشت و گۆڕەیی زمانی شیعری ، ئەوە (دیوەکی گەردوونییەتی) شیعرمان پێشان دەدات ، کەژاڵ ئەحمەدیش لە چوارچێوەی دەقە شیعرییەکەی ئەم هەزە گۆڕەیی زمانی شیعری پێشانمان داوە و بەرجەستەی کردووە ، کە بە زمانی شیعری و لە چوارچێوەی وێنەی شیعری جوان بابەتی زەر گرنگ و گەورەی باسکردووە ، لە سەرەوە باسمان لە زەربەیان کردووە ، وەک (کێشەی ئاو و کارەبا ، هێڵی تەلەفۆنەکان و سایتی گوگل و قوتابخانەی تەکنەاو و مارەیی و هاوسەرگیری و تەاق و بارى دەروونی کوران و کچان و … زەرانیتر) ، باسکردن لەم هەموو بابەتە جودا و گرنگ و هەمەجەرانە لەچوارچێوەی دەقێکی شیعری ، ئەوە ئەو هەزە گۆڕەیی زمانی شیعریمان پێشان دەدات لە هەمانکات / ەوایەتی بە ئیمەش دەدات کە بەیەن / بووونی ئەو هەزە گۆڕەیی زمانی شیعری و بووونی مەودا فراواناکانی ەووبەری شیعر ، (ئەوە دیوەکی گەردوونیەتی شیعرە … !) ، هەروەها (دیوەکەی تری) گەردوونیەتی شیعر لەوەدایە کە / شیعر (خەی) لەنەو گەردووندا بوون و ئامادەییەکی بەردەوامی (هەبووە و هەیە) ، بە نموونە / خەونەکانی مرۆڤ پەیەتی لە شیعر بەمانایەک کاتێک / مرۆڤ هەستەکانی ناوەوە و خەونە جوانەکانی خەی باسدەکات لەوەدا ، شیعرییەت دەبینین یان ، لەنەو هاژەی تاقگەکان شیعرییەت هەستپەدەکەین ، لەنەو گفگفی (با) شیعرییەت هەست پەدەکەین ، لەنیو میلەدییەکانی بولبول و چیکەچیکی چەکە و باندەکان شیعرییەت هەست پەدەکەین ، لەنەو ورشە ورشی درەخت و دەنگی رووبارەکان هەست پەدەکەین ، تەنانەت ئەگەر بە هەستەوە (گوە لە بەدەنگی بەردیش) بگرین شیعرییەت هەست پەدەکەین ، بەهەی ئەم بیرکردنەوەمان و خستنەووی ئەم هەموو فاکتانە دەتوانین بە خەتکی درشت و گەورە بنووسین (بەە / شیعر زمانی مرۆڤ و گەردوونە ..!) ، هەروەها دەخوازم ماە چراخانییەکەی شیعری (کەژاڵ ئەحمەد)یش هەرئاوەدان و درەوشاوە بێت ، سەاو لە داهێنان .

ئەکتەبەری ۲۰۲۰

سەرچاوەکان :

- کتەبی (من دەبە خەم بسمیل بکەم) کەژاڵ ئەحمەد
- کتەبی (فەلسەفەی بوون) محەمەد کەمال
- کتەبی (ئەفسانەی سیزیف) ئەلبەر کامە .. و/ ئازاد بەرزنجی
- کتەبی (Aestheticism) R.V.Johnson

ئەم جارەیان نەرەی شەرتی کاربایە! … کامل احمد

من لە دوو ووتاری تردا سەبارەت بە "چاکسازیەکانی" ئەحزابی دەسەڵاتداری کوردستان کە لە ژێر خەمەی "حکومەتی هەرەم" دا دەیانەوێت بیبەنە پێشەوە سەرنج و پێشنیارەکانی خەم خستەتە ڕوو. لە کۆتایی ئەم ووتارەدا، لینکی هەر دوو ووتارەکە دادەنەمەوە تا خوێنەر بتوانێت بە شێوازێکی ڕوونتر و لە گۆشەنیگایەکی چینایەتیەوە پەی بەو ڕاستیە بەرێت کە چۆن ئەم "چاکسازیانەی" بورژوازی دەسەڵاتداری کورد نەک هیچ پەیوەندیەکی بە باشبوونی بار و گوزەرانی ئەوانەوە نیە، بەڵکو بە برسیکردن و هەژارکردن و ڕاگرتنیانە لە بەرامبەر برستیەکی سک هەڵگوشیندەردا و پێشبڕکێیەکە بە ئەوەی لە دەستە خوشکەکانیان دانەبڕن لە ئاستی جیهانیدا و بتوانن وەڵامگەی بورژوازی جیهانی بن کە ناوچەیەکی ڕادەستی ئەوانکردووە بە بەڕێوەبردن و بردنەپێشەوەی سیاسەتەکانیان.
بەپێی هەواڵێک کە لە تەڵەی میدیایی ڕووداو دا بڵاوکراوەتەوە، وا بڕیارە کە "حکومەتی هەرەم" لە مانگی ١٢ ی ساڵی ٢٠٢٠ دا پڕۆژەی دابەشکردنی کارەبا بداتە کەرتی تایبەت. بە پێی گووتەی ئومێد ئەحمەد، گوتەبژی وەزارەتی کارەبا، کە بە تەڵەی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاندووە، "کۆمپانیاکان لە ناوەو و دەرەوە هەن. کۆمپانیای ئەوروپی هەیە و کۆمپانیای ناوخۆش. هەبەتە ئەو کۆمپانیایانە دەبێت تێگەیشتنی باشیان بە داواکاریی وەزارەتی کارەبا هەبێت و بشەوەی مونافسە" دەبێت و کە توانیی زەرترین مەرجەکانی ئەمە قبووڵ بکات، بەو سیقەیە کە باسم کرد، بەو دەدرێت.
هاوکات لە ڕاگەیاندنەکەدا هاتووە کە ئامانجەکانی وەزارەت بریتین لە: گرانەکردنی نرخی کارەبا، کۆنترۆڵکردنی سیستەمی بەڕێوەبردنی کارەبا، کەمکردنەوە و نەهێشتنی سەرپێچیەکان، ڕێگری لە بەفیڕدانی کارەبا و کەمکردنەوەی پاڵپشتەی سەر تەڕەکان.
بەر لەوەی سەرنجەکانم لەسەر ئەم خاڵانە و ناوەڕۆکی سیاسی ئەم هەنگاوە بدەم، پێم باشە کەمێک بگەڕێمەوە دواوە بە ئەو کاتەی کە نێچیرەوان بارزانی سەرۆکی "حکومەتی هەرەم" ی ئێستاو "سەرۆک وەزیرانی ئەو کات لە داوایەکی دا بە دکتۆر جیم کیم یۆنغ سەرۆکی

کۆمەڵی بانکی نێودەوڵەتی لە مانگی شوباتی ٢٠١٦ دا، داوای هاوکاری لەم دەزگایە دەکات لە پێناو گۆشەو بڕەوپێشچوون و وەستانەوە بڕامبەر ئاستەنگیە ئابوری و گۆشەدراوەکاندا. ئەوانیش لەبڕامبەر ئەم داوایەدا ئاپڕتێک ئامادە دەکەن و پێشنیارەکانی خۆیان دەخەنەوو کە کورتکراوەکەی لە ٢٧ خاڵ پێکهاتووە و بەشکی زۆر لە گرتنەبەری ئەم پێساناەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا بەڕێوەدەچێت و لە لایەن ئەحزابی دەسەاتدارەوە دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە لەوەدا هاتووە. ئاپڕتەکە، هەروەک ئاوڕی دەسەاتدارانی کوردستان دەیکەن، وا خراوەتە ڕوو کە ئەم کەمکەمە بە چین وتوێژە مەحرومەکانی کۆمەڵگا و بە مەبەستی پاراستنیانە لە کاریگەریە کۆمەاێتی و ئابوریەکانی ئەم قەیرانەی کە "حکومەتی" تێدایە. هەر لە هەمان ئاپڕتدا هاتووە کە وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێم دەیەوێت تا ساڵی ٢٠٢٠ ئەم چاکسازیانە بکات. ئەم ئاپڕتەش وەک هەنگاوی یەکەمی ئەو یارمەتیانە نووسراوە کە بانکی نێودەوڵەتی دەتوانێت پێشکەشی بکات بە بردنەبەرەوەی ئەو چاکسازیانەی کە ماوەیەکی زۆڕ چاوەڕوانکراوە. لە هەنگاوی دووەمیشدا لە باری تەکنیکیەوە یارمەتی حکومەتی هەرێم دەدەن کە چۆن جێبەجێیان بکات.

هەموو ئەوهەڕشانەی کە "حکومەتی هەرێم" دەیکاتە سەر سفرەی خاڵی پڕۆلیتاریای کوردستان و هەموو توێژە وەتەنگهاتووەکانی تری کۆمەڵگا، لە کورتەی ئەم ئاپڕتەدا خراونەتە بەردەست ئەحزابی دەسەاتداری کوردستان بە مەبەستی جێبەجێکردنیان و داماڵینی شانی خۆیان لە بچووکترین بەرپرسیاریەت لە ئاست کۆمەڵگادا. ئەمانە ئەو سیاسەت و چاکسازیانەن کە دەسەاتداران، هەنگاو بە هەنگاو و یەک لە دوای یەک دەیبەنە پێشەوە بە ئەوەی مەرامەکانی بانکی نێودەوڵەتی و جێبەجێبکەن و لە ماراسۆنەکە دوانەکەون. هەنگاو بە هەنگاو ئەم بە تایبەتیکردنە (پرایڤەتایزەیشن)ە هەموو ئەو کەرت و سێکتەرانەی تریش دەگرێتەوە کە تا ئێستا بە ناو لە ژێر سایە و دەسەاتی کەرتی گشتیدان، وا ئەم جارەیان نەرەی کارەبایە.

خەڵکی کوردستان ٣٠ ساڵە بە دەست نەبوونی کارەباوە دەناڵێنن. پرسیارەکی گرنگ کە پەویستە لە خەمانی بکەین ئەوەیە کە ئایا ئەم ٣٠ ساڵە کارەبا بە دواکەوت؟! ئەم کارەبایە بە پیشتر نەهات؟! بۆچی ئێستا دۆخ و دەیانەوێت کوردستان ڕووناک بکەنەوە و بیکەن بە چراخان؟! ئاشکرایە کە مەسەلەی سەرکیبان ئەم بە پرایڤەتکردنەبووە و وا ئێستا کاتی هاتووە و "کۆاوە". ئەوان ژیان و قازانجیان بە خۆیان و چینەکەی خۆیان دەوێت وبە بە سوودی خۆیان و کەمپانیاکانیان ئامادەنین ڕۆناکی بدەن بە خەڵکی کوردستان. هەموو

کۆمپانیاکان یان هی خۆیانە و یان شەریکن و بەشیان هەیە تیایدا. بەیە ئەم هەنگاوەیان دەبێتە هۆی دواکەوتنی زیاتریان و قەرخکردنی سەرمایە لە دەستی کۆمپانیاکانی خۆیاندا.
بە تایبەتکردنی هەر یەکێک لەم کەرتانە، بە مانای خستنەڕووی لە بازاڕدا بە فرۆشتن. واتە کارەباش وەک هەر کاڵایەکی تر دەخرێتە بازاڕەوە بۆ ئەوەی بکەدرێت. بە مانایەکی تر ئەوەی توانای کڕینی هەبێت دەتوانێت لە کارەبا بەهرەمەند بێت و ئەوەشی توانای کڕینی ئەم خزمەتگوزاریەی نیە و ناتوانێت بە دانی پارەی کارەبادا ڕابگات، دەبێت لەی بەهرەمەند نەبێت. کەسێک کە نانی شەوی نەبوو بیخوات ئەو کات ناشتوانێت کارەبا بکڕێت. بەیە بانگەشەکانی یەکسان بەهرەمەندبوون لە کارەبا وەک بەهرەمەندبوون لە هەر پێداویستیەکی تری ژیان و کۆمەڵگا دریەکی ئاشکرایە. ئەگەر ئێستا هاووڵاتیان لەبەر نەبوونی مووچە و بێدەرەتانی "حکومەت" دا، دەتوانن گوێی خۆیان لە دانی پارەی کارەبا بخوێنن و ئەوانیش ناتوانن فشاریان بێ بێنن، ئەوا ئیتر دەستی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت ئاوادەبێت بە ئەم کارە و دەسەڵاتدارانیش شانیان خاڵیە و وەڵامیان دەبێت بەوەی کە کارەبا لای ئەوان نیە.
هەر بەیە وەک پێشتریش ووتم هەموو ئەمانە چاکسازی بورژوازین و "حکومەتی هەرێم" یش بەرنامەیزی بۆ کردووە بۆ هاوکاری بانکی نێودەوڵەتی و هەر جارەی چەپکەکیان پێشکەشدەکات. وا ئەم جارەیان نەرەی کارەبا بوو. حەتمەن وەڵامەی ئەوەی نەخێشخانە و قوتابخانەکان نیواونیو بەڕێوەدەبرێن، بەڵام ئەمانیش دوور نیە لە ئایندەیەکی نزیکدا بۆ تەواوەتی ڕادەستی کەرتی تایبەت نەکرێن. هەر ئێستا پاکوخاوێنی و فڕۆدانی زبڵ و خاشاکی شارەکانیش لەدەست کۆمپانیا تایبەتەکاندایە و ئەگەر چینی پڕۆلیتاریای کوردستان نەتوانێت پارەکەی بدات ئەوا شارەکان زبڵ و پیسی دەیانخوات.
خاڵێک کە پەیوستە زۆر لێشنبێت ئەوەیە کە مەسەلەی پڕۆلیتاریا، حکومەت و پرایڤەتکردن نیە، کەرتی تایبەت و دەوڵەتی یان گشتی نیە. پڕۆلیتاریا وەک چینێک پەیوستە لە بەرانبەر چینی بورژوازی و سەرمایەداری دا ئابوستەت و بە هیچ کەرتکیان خۆشحاڵ نابێت. هەر بەیە چاکسازی پێشەیی لە کۆمەڵگادا تەنها بە خاوەنانی ئەسڵی کۆمەڵگا دەکرێت کە ئەویش پڕۆلیتاریایە. پڕۆلیتاریە دەبێت بەهێزی ڕێکخراوی خۆی و بە هەموو شێوازێکی لەبەردەستدای ڕێکخراوبوون خۆی ڕێکخراوبکات تا بتوانێت ئەم چاسکازیانەی بورژوازی بە کەرتی تایبەت و گشتی یەوە تۆهەڵدا و لە جێیان چاکسازی و دەسەڵاتی خۆی پیادەبکات کە هەم هەنگاوێک بێت بە باشتربوونی ژیانی و هەم ببێتە خشتە سەرەکیەکانی گۆڕینی کۆمەڵگا و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی

سۆشیالیستی کە هەموان تیایدا بە پێی توانای خۆیان کاربکەن و بەپێی پێویستی خۆیان لە سامان و بەروبوومی کۆمەڵگا بەهرەمەندبن. هەنگاوی سەرەکیش لەم ئاستایەدا و لە ئستادا ئەوەیە کە پڕۆلیتاریا هۆشیارانە لە مەیدانداببت بە بەدەستهێنانی موچەی تەواو و مانگانە لە کاتی خۆیدا و هاوکات خەبات بکات بۆ زیادکردنی مووچە و بەدستهێنانی بژێویکی باشتر. بۆیە خواستی کارەبای ٢٤ سەعاتە بە ئەمپەری تەواوەوە و بە نرخی گونجاوەوە، کە نرخەکەی ئگەر لە هی ئستا هەرزانتر نەبێت ئەوا نابێت بە هیچ شێوەیەک گرانتربێت، بە شێوەیەک کە هاوڵاتیان توانای کڕینیان هەبێت، خواستکی هەر ئستا و دەستبەجێیە لە پاڵ خواستی دانی مووچەی تەواودا لە کاتی خۆیدا و بە دواکەوتن.

کامل احمد

13.10.2020
kamil.ahmed.f@gmail.com

هونەری قوتابی بوون … نووسینی: حەمە هیوا

بابەت/پەروەردەیی

لە کەمەگای ئەمە پەروەردە وەك هەر پێویستیەکی گرنگی ژیان فەرامشکراوە و بە پەراوێزی ماوەتەوە. چ لەلایەن دایکان و باوکان، چ لە لایەن چینی مامستایان و فڕکەران. لە سانی ابردوەوە هەتا هەنووکە، کشە یەك لە دوای یەکەکانی باشوری کوردستان وای کردوە تاکی ئەمە هیچ کات و ساتکی بۆ هەنگاوە پێویستیەکانی ژیانی خۆی نەبێت. ئەم قەیرانەش لە بچوکترین کەس لە کەمەگا، هەتاوەکو دەگاتە گەورەترین کەسی گرتەوە.هاوکات ئەو جیلە نوێیەش کەوا هاتوە و دێت، لەسەر هەمان بنەمای ناجێگیر گوزەر دەکات. دەسەاتی سیاسی سێ دەیەی رابردوو گەورەترین داهێنانی ئەوەبوو، وای کرد گەورەترین دەستکەوت لای تاکی کورد، ئەو موچەیە بێت کە مافی خۆیەتی و بێی نیە داوای بکات. نامەوێت زۆر قووڵ بمەوە لەم هەموو قەیرانە

بۆ شومارەی لە کۆمەڵگا دەگوزەڕێت، بەڵام ئەوەی زۆر لای من جێی نیگەرانیە، خەمساردی چینی مامۆستای کوردە بە نمرەی یەکەم.
مامۆستای کورد بە ڕۆژەی زۆرینە کار بۆ دروستکردنی تاکێکی زانست دۆست و مرۆڤ دۆست ناکات، بە پێچەوانەوە و بە داخەوە کار بۆ خودئەقینی (نەرسیسیەت) و پشاندانی ڕووکەشی پاڵەوانێتی دەکات.
فەیلەسووفی بەریتانی (بەرتراند ڕاسڵ)1872_1970
لە یەکێک لە کتێبەکانی، کە تایبەتی کردوە بە پەروەردە دەڵێت:ئەرکە لەسەر مامۆستاکانی قوتابخانە هەتا کۆتایی دەستی فڕۆخوازان بگرن، نەک لە شوێنێک دەستیان بەردەن و هوتافی لوتبەرزیی بەسەریان لێ بدەن. دەبێت بڕێم بەداخەوە تاوەکو ئێستاش مرۆڤی کورد و مامۆستای کورد وا تێگەیشتوە، پرسەی قوتابی بوون پرسەیەکی کاتیە و دەشێت لە جێگەیەک پرسەی زانین بوەستێ. بۆ ئاگا لەوەی پرسەی قوتابی بوون پرسەیەکی هەمیشەییە، لەگەڵ ئەوەشدا پرسەیەکی بایەخدار و پێویستە.جارێکیان لەگەڵ یەکێک لە مامۆستاکانی خۆم کە خاتوونێکی جوانکیلە بوو، کەوتمە دەمەتەقوە و پێم گوت مامۆستا دەمەوێ ببین بە هاورێ و لە دەرەوەی ئێرە پەیوەندیەکی دۆستانە بونیاد بنێین، بەم شێوەیە بەرپەچی دامەوە: ببورە من هاوسەرگیریم کروە، لەبەر ماڵەوە و هاوسەرەکەم ناتوانم.ئەم قسەیە بوە مایەی نیگەرانیەکی ئێجگار زۆر، بۆیە بە داخەوە دەبێت بڕێم: چینی مامۆستایانی کورد زۆر کەمتەرخەم و نا پیشەیین بە ڕۆژەی زۆرینە، هەر ئەمەشە وای کردوە تاکی ئێمەو مانان تاکێکی نا هۆشیار و ئەنتی مەعریفە بێت. لە فیلمی نووسەرە ئازادەکان، کە ڕیچارد لاجیرافینیز کاری دەرهێنانی بۆ کردوە، مامۆستایەک دەبینین، کە دەیەوێت ئەو ململانێ پێ لە کینەیەی لە نێوان قوتابیە هەش پێست و سپی پێستەکانی بمرێنێت، لە ڕێی زانین و تەبایی شادیان بکات. ئەفسووسی گەورە ئەوەیە مامۆستایانی ئێرە هیچ کاتێک کەمتەرخەمی خۆیان نابینن لە بەرامبەر ئەو قوتابیە گوێگرەی، کە بە هەستێکی زانین ویستانەوە لە مامۆستا ڕادەمێنن.

مانیفێستی عیشق... بۆشی

بیستەم... تەکست: ستیڤان شەمزینی

چاوە سەوزەکانی من کە وەک بەهار خەیان ئەنوێنن
قەرزاری ئەو تاوە بارانی عەشقی تۆن
لە ئاسمانی گلێنەکانمەوە بۆ شەستە دائەبارن

هەناسەکەم تۆ تاقگەی رووبی دەمیت
هەواش هەواش ئەژیتە خەزگەکانمەوە
تۆ تاقگەی ئەشقیت و
ئەژیتە مایی بەکەسیمەوە

زمانێک شک نابەم لەم دونیایەدا بۆ تۆگەیاندنی تۆ!!
بەچارەخەم کە ئاسنی ساردی عەشقت ئەکوتم

زەر چاوەوانت بووم.. زەر بەت گەەام
زەر بەت گریام.. زەر یادم کردیتەوە
تۆ هەشتا وەهمی نەو خەیاەکانی منیت
ئایا بۆ راست من شتەکم لە ون بووە؟

شاکارەکم بۆ نوسیووی
"دانتی" بۆ "بیاتریس"ی نێنووسیوە
هەرچەند دەنیام بۆ زەردەخەنەوە دەەی:
سەر لەم هەستە ترسناکەت دەرناکەم

ئەگەر مەجنون من ببینێت، شەرم سەرتاپای دادەگرێ
ئەگەر لەیلا تۆ ببینێ، تاجی شاژنی عەشق دادەنێ
ئەوسا هەردووکیان وەک دەروێش ئەکەونە دوامان

ئەو وتت خۆشمدەوێ شتێ گیان
من بەدنگبووم.. تۆ واتزانی تووڕەیی دایگرتم
بەڵام بیرم لەوە دەکردەوە چ ئاشقێک هەیە شت نەبێ؟

تاقانەکەی دەم
ئازانی مردن لەپەناوی ئەشقدا ژیانێ
ژیانیش بێ ئەشق خەی لێ خەیدا مردنکی هەمیشەییە؟

ئازیزم ئەبێ بزانی هەموو ئاشقێک ڕەحی بریندارە
ئەوە کێیە خۆ دەخاتە سەر بڕینەکانی؟

لە پشت هەر ئاشقێکی مەزنەوە
مەعشووقێکی دڵڕەق هەیە
لە پشت هەر ئەفسانەیەکی ئەشقەوە
دڵدانەکی جاویدانی هەیە
لە پشت هەر بەیەک گەیشتنەکەوە
دڕیەکی گەورە هەیە

پێ پێم لێ نامێی، ئاخر بەم فتیلە لەرزەکێ
چۆن مەملەکەتی هیوا بدزمەوە؟
پێ پێم لێ ئەشق، ئاخر بەم هەنگاوە کورتێ
چۆن لێ دەزەخی مەعشوق رزگارم بێ؟

لە خەونمدا شمشێری فیراقیان لەسەر سنگم دا
کەوتمە سەر زەوی و بەدار بوومەوە،
بە هەقیقەت خوێن لە جەستەم دەچۆڕا!
ئەوسا زانیم ئەشق تەنیا خەونکە

کاتێک ئاشق بووم یەکەم شت فێری فێن بووم
کاتێک دابەزام یەکەم شت فێری گریان بووم
ئێشق فێری فێن و گریانی کردم

شەو نییە بە رۆژ خۆشکانم لەگەڵ تۆ نەگریابم
شەو نییە بە بینینی رۆژکی نوێ لەگەڵ تۆ حەسرەتم نەکێشابێ
شەو نییە بە بەردەواميدانی رۆژکانم لەگەڵ تۆ هەنسکم نەدابێ

لە یادی٥٣ ساڵەی ئیعدامی (چیگفارا)دا … سەردار عەبدوڵا حەمە

دەوڵەتی کۆنەپەرستی بۆلیڤیا لە بەرواری ٩ ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٧ چیگفارای بە دیل کراوی ئیعدام کرد . ئەم تاوانە تا هەتایە وەک پەڕەیەکیەڵش دەمێنێتەوە لە مێژووی ئەم دەوڵەتە سەرمایەداریە دا. چیگفارا یا وەک لای خەمان پێی دەووترێ جیڤارا لە ڕووی کەڵتووری وسیاسییەوە سەر بە کام دەزگای فیکری بوو؟ چەپ بوو یا کۆمۆنیست بوو ؟بەوڵامی ئەم پرسیارە باشترە سەرەتا شتێک لە سەر ئەم دووشەیە بڵێین . جیاوازیەکە تەنها لە دەربڕینی دوو ووشەی چەپ و کۆمۆنیست دا نیە دابڕکو جیاوازیەکە لە ناوەرۆکدایە دەکرێ تۆ چەپ بیت بەڵام کۆمۆنیست نەبیت ، دەکرێ کۆمۆنیست بیت و چەپیش بیت (چەپی کرێکاری) . بەرژوازی و ووردە بورژوازی دەتوانن چەپ بن و لە مەوقعیەتی چینەکەی خۆیادا بمێننەوە بەڵام ئۆگەر بوونە کۆمۆنیست ناتوانن هەر لەوێدا بمێننەوە بەڵکو دائەخزێن بە ناو پرۆلیتاریا. ئەم جۆرە چەپی بەرژوا یا ووردە بەرژوازیە لە مێژوودا هەر لە سەرەتای سیستەمی سەرمایەداریدا بوونیان هەبووە و

بەشەوی جیاواز دەرکەووتون دژایەتی کۆمۆنیزمیشیان کردووە لە واقیعدا کاریان بۆ مانەوەی سەرمایەداری کردووە .
ئامانجی ئێم چەپە لە پراکتیکدا سۆشیالیزم نیە لە باشترین حالەتدا سەرمایەداری دەوڵەتیە، یا جۆرێک لە سۆشیالیزم کە لە واقعدا بەدی نایەت و هەرلە وهمدا دەمێنێتەوە بۆکارهێنانی پرولیتاریا و چینە هژارەکان لە لایەن ئێم چەپەوە هەر بە ئێم ئامانجە بووە .
چەپێک لە جیهانی بۆ ناو سەهۆم هەبوو تائێستاش پاشماوەکانی ماوە ، خۆێک گرایە یا پێپلیستە و ئینتی ئیمپریالیستە، باس لە سۆشیالیزم دەکائەو پشت بەستووە بە ئۆشنبیروجوتیار ، جەنگی چەکدارانە و پارتی زانی بۆ خەباتی سەرکی خۆی دژانە و ئامانجیشی سۆشیالیزمێکی نازانستیەیە سۆشیالیزمێکی یا خەیاڵی دەبێت و بەدی نایەت یا سەرمایەداری دەوڵەتی لە ئۆگای کۆرتی گشتیەوە بەدی دێنێت ، وەک چین و کوباو ڤیەتناموکوریای باکور، .هەزی سەرکی ئێم بەشە لە چەپ پرۆلیتاریا نیە یاخۆم چینی کرێکار نیە ، نایەوە ئێم چینە وەک دایناموی شۆشیسۆشیالیستی هەڵخڕێنە ور ناتوانە سەر بەم مەیلەی ناو چینی کرێکار بێت.
جیڤارا سەر بەم جۆرە لە چەپ بوو هەربۆیە لەهیچکام لەو ووتانەی ئەو تەدا جەنگی سۆشیالیزم دانەمەزرا وە بنەمای کاری و بۆچوونی پشتی ئەوجوتیار بوو نەک چینی کرێکار ، چینی کرێکار لە ئۆگای شۆڕشی پارتی زانی و تیرۆر کردنی پیاوانی دەوڵەت و ئۆفسەر و سەربازی دەوڵەتەوە بۆسۆشیالیزم ناگا ، چینی کرێکار لە ئۆگای شۆڕشی کۆمۆنایەتیەوە بۆ مانگرتن و ئاگرتنی چەرخی ئابوری سەرمایەو خۆپیشاندانی بۆ کۆمۆ وسەرتاسەری و ڕۆکخراو و بۆکاری هەرەوەزی ودەست بەسەرا گرتنی هەیکانی بەرهەم هێنان و لە کاتی پۆیستیشدا بۆ پۆلاماری چەکدارانە دەتوانێکۆتایی بە دەسەڵاتی سەرمایە بێنێت ودەسەڵاتی سیاسی و ئابوری خۆی دامەزرێنێت و سۆشیالیزم دامەزرێنێ و پۆل بهاوە بۆ جیهانیش .
بۆئام جیڤارا بۆ ئێمە خەباتی نەکرد ، هەربۆیە نە لە کوبا و نە لە هیچ یەکێ لەو دەوڵەتانەی ئەو تەدا تێکۆشاو ژیانی خۆشی لە سەردانا ئێم ئامانجانەهاتە دی.
لەگەڵ ئەمانەشدا جیڤارا چەپ و ئینسان دۆست بوو هەر ئەمەش بوو بووە هۆی ئەوەی ژیانی خۆی لە پێناو ئینسان دۆستیدا بەخت بکا .
ئینساندۆستی و ئازادیخوازی ئۆگا نین بۆ گۆیشتن بۆ سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم . دۆکرێ ئینسان دۆست و ئازادیخواز بیت بێئام ئامانجت سۆشیالیزم وکۆمۆنیزم نەبێت تەنانەت ئۆگریش بیت لە بەردەم گۆیشتن پێ یان . کاتێ ژنەکی کاثۆلیک یا مەسیحی دەچێتە ئۆفریقا خواردن و دەرمان بۆ منااانیبرسی و هژار دەبا ئەو منااانە لە باوەش دەگرێ

و ماچیان ئەکا ئەمە کارەکی ئینسانی دەکا بەڵام ئەگەر پەی بە ی بەگای ڕزگاری ئەم مناڵبرسیانە رووخاندنی سەرمایەداریە و بە دیهێنانی سۆشیالیزمە ڕەنگە بکەوێتە سەنگەری دژایەتیتەوە وە پێت بڵی نەخێر هەر سەرمایەداری باشە بەڵامدەبە بە بەزەیی بێت بەشی هەژارانیش بدات ، زەر کەس و ڕووت هەن بەم جۆرە بیر دەکەنەوە سۆشیالیزمەکەی ئەم کەس وڕوتانە لەمە زیاتر نیەواتە دەستاتەکی سەرمایەداری بە بەزەیی و دەستی هەژارانی دەوە .
چیڤارایزم ڕووتەکی پەپلیستی چریکی و فیدائیە و خەڵک گەراو ئەنتی ئەمپریالیستیە نەک ئەوەی ڕووتەکی کەمەنیستی و کرێکاری بە ، ڕووتەکیچەپی یە و کەمەنیستی نیە بە هەموو پەوانەکانی کەمەنیست بوون کە لە مانیفیستەکەی مارکس و ئەنگلس و یا بەڵشەفیزمەکەی لینینەدا پێناسە کراوە .
چیڤارا زیم ناتوانێ کەمڕەگا لە چنگی سەرمایەداری دەربێنێ و سۆشیالیزم دامەزرێنێ وە ئەم جۆرە چەپە دەمەکە لای خەمان خەری ئاوابووە و بە بنبەست گەیشتووە و نەیتوانێ درێژە بە خەبات و تێکۆشانی خەی بدات .
ناوی چیڤارا و ئەوانەی وەک ئەو گیانیان بەخت کرد لە پێناو ئینسان دەستیدا هەر دەمێنێتەوە و لە بیر ناکرێن .

سەردار عەبدوڵا حەمە

٢٠٢٠/١٠/١١

دەرد و ماڵئاوایی … فەروغی فەروخزاد … و: نەژاد عزیز سورمە

ڕەیشتم ، بمبەخشە ، مەڵێ ئەو بێ وەفابوو
بەجگە لە ماڵئاوایی ، ڕێگای دیم بە نەمابوو
ئەو عیشقە ئاگرینەی پێ دەردی بێ ئومێدیی

لە کەندەڵانی گوناە و شڵتییەتیمدا کشابوو

ڕۆیشتم داغی ماچی پڕ حەسرەتی تۆ
بە فرمێسکی دیدە لە لێوەکانم بشۆرم
ڕۆیشتم لەو سروودەدا بە ناتەواوی بمێنمەوە
ڕۆیشتم لە خۆڵا ئابڵو بەخۆم بدەم
ڕۆیشتم ، مەڵێ مەڵێ بۆ ڕۆیی ، نەنگی بوو
عیشقی من و نیازی تۆ و
سازو سۆزی هەردووکمان
ڵازەکانمان ..
لە پەردەی تارو خامۆشا
وەکو گەردی بەیانییان وەدەرکەوتن .

ڕۆیشتم وەك دڵۆپە فرمێسکێکی گەرم
لە دامێنی گۆشەیەکی شەوەزەنگی ژیان ون بم
ڕۆیشتم ، لە ڕەشایی گۆڕێکی بێ ناوونیشاندا
لە کۆڵ شەڵو ترسی ژیان ببمەوە ..

من لە بەرگریان و دوو چاوی گەش هەڵاتم
لەبەر لافاوی بەتینی پێکەنین ، هەڵاتم
لەسەر پێخەفی ژوان ،
بە ئامێزی ساردی جودایی
بریندار بە لێمەی ویژدان ، هەڵاتم

ئەی سینە !
لە گەرمایی کۆپەی خۆتدا بسووتێ و
چیتر سۆراخی گۆی ئاگر لە من مەکە..
دەمویست ببم بە مەشخەڵ و یاخی ببم
بووم بە مەلی گۆشەی قەفەس
باڵ بەستەو دیل ..

گیانی هەشتاویم لەشەوی خۆیدا بێ ئاگایە
بەتاڵییەوە لە دامێنی بێ دەنگیدا گریام ..
لەدەست کردەوەکانم دەناڵم و
پەشیمانم لە قسەکانم ..
بینیم کە لایەقی تۆ و عەشقی تۆ نیم ..

- لە (برگذیده اشعار فروغ فرخزاد) چاپی سێیەم بڵاوانە لاپەڕە 21 .

مەرگی مەهابـاد قەرەداغـی ...
ئاسۆعوسمان

مەهاباد قەرەداغی، لەڕۆژگارە تاریکەکانی سەردەمی بەعس ،وەک ژنێکی ئازا،هەمیشە لەبەرەی بەرگری خەڵک ومیلەتەکەی خۆی بووە، یەکێک بووە لەئەندامە چالاکەکانی کەمەڵە و لەزیندانەکانی حزبی بەعس توشی دراندانەترین ئەشکەنجەو ئازاربوو، لەبیرەوەرییەکانیدا دەیگێڕتەوە:" کە جەلادەکانی بەعس، بەشکاندنی ئیرادەی، جگەرەیان لەسەرسنگ و مەمکی کوژاندبوو".هاوسەرکۆشی یەکێک لەشەهیدەکانی دەستی تیرۆریستان.
ئەم خانمە، تائەو چرکەساتەشی ماڵئاوای لەژیانکرد، خزمەتێکی زۆری بەمافەکانی ژنان ، شیعر و ئەدەب و ڕۆژنامەگەری کوردی کردووە.....
ئیتر خۆشحاڵی دەربەین بەمەرگی لە ناکاوی ئەم خانمە بە...؟

- بەچونی جیاوازی لەتەهیە و کادری پارتییە
- باوەری بەخەباتی ناسیونالیستی نەتەوەکەی هەیە
- باوەری بەمافەکانی ژنان هەیە
- دژی چەند مەلاو گروپی ئیسلامی بووە.

1. ئەو بەهانەو پاساوانە، دژی هەموو بەها پیرۆز ئاینی و ئینسانی و کوردەواریەکەش بوو
ئەمڕۆ گووتویانە"مرۆڤ کەمرد شەیتان دەستی لە هەدەگرێت".
بەداخەوە ئەوانەی خەیان مووچەی بندیواری و پارەی ژەربژەر لەحزبەکان وەردەگرن،یان ئەو مەلاو گرووپانەی شۆڕژ بەشان وباڵی ئەردەغانی فاشیست هەئەدەن،دەست لەمردووکانیش ناپارێزن.....
ئەوانەی دینیان هەیە و مووچەی بندیواری وەردەگرن ،ئەم ئەم ژنە نوسەریان بەبەرگریکاری گەندەڵی تاوانبارکرد...!
ئەوانەشی پارەو سامانی چاکیان هەیەو دینیان نییە ...!بە ناوی ئیماندارو موسڵمانی ڕاستەقینەوە ،هەرشکی بەرفراوانیان لەدوای مەرگی مهاباد قەرەداخیەوە بگەرمی بەرخستووە.
باشە بابپرسین ئەو هەموو غەدرووناحەقیانەی تورک وفارس و عەرەب ، لە کوردی دەکەن ، ئەم هەموو سحابەو ئیماندارو

جەنگاوەرانی ئیسلام ،لەکوێن بە بەدەنگن...
ئاخر براینە دنیابن نان و دینی خەتان و نەتەوەکەتان بە
پلامارداني دوای مەرگی ئەم خاتونە ناپارێزراوت
بەداخەوە مەرگی مهابـاد قەرەداغـی، پێشانیـداین بـاشوری
کوردستان توشی چ کارەساتولیکترازانێک کراوە.